# نیچیری هەفتە 2005-2-23

عەلی مەحمود محەمەد

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان لقی هەولێر لەوەلامی پرسیارێکدا لەسەر ئەو هەواڵەی گوایە **500** ملیۆن دۆلار لە لایەن حکومەتەکەیانەوە نێردراوەتە دەرەوە ووتی:– ئەم هەواڵە دورە لە ڕاستییەوە , ئەو پارەیەی هەمانە موڵکی جەماوەرە . من باوەڕم وایە هیچ پارتێکی کوردی ئەوەندە غەشیم نییە وەك حازم شەعلان **500** ملیۆن لەگەڵ خۆیدا بە یەکجار هەڵگرێت و ئەم وولات و ئەو وولاتی پێ بکات , بۆیە هەواڵەکە نەك ڕێی تێ ناچێت , لەوانەشە دەستکرد بێت بۆ هەڵبژاردن . دەسەڵاتدارە کوردەکان لە پارە گواستنەوە بۆ هاندەران پسپۆڕن , ئەوان بە ئەندازەی لمی بیابان کۆمپانیایان هەیە , تا مقاش وەستا بێت دەستی خۆیان بە پشکۆ ناسوتێنن .

بەڵام ئەگەر بڕیار وایە خەزێنەی کوردستان بەشی منیشی تێدا بێت ئارەزوم وایە بزانم چەندم لەو خەزێنەیە بەرە کەوێـت و چۆن بەشەکەم خەرجە کرێت؟؟؟ . بۆ قالاوەو بەلاشاوە تەرخانە کرێت یان بۆ دەعوەتی شەوانی بەرپرسان ؟؟ , دەدرێت بە نەخۆش و لێقەوماوان یان ئاغا و دیوەخان و کۆنە موستەشاران ! ! !.

کوردستان تاکە وولاتە لەم جیهانە کەس داهات و خەرجی و خاوەنانی کۆمپانیاو مانگانەی بەرپرسانی نازانێت ؟؟؟ . ئەڵێنیش بازاڕی ئازادە , سوێندتان لەسەرم نییە, شتێك لە ئابوری سەر دەرەکەم بە تایبەت سیاسییەکەی , ئەمە نەك ئازاد بەڵکە بازاڕی سجنی ئاکرێ و قەلاچۆلان و مەحەتەش نییە ! ! !, تەنها برسێتی و تالان و بێویژدانییەکەی ئازادە . ئیتر ئەوەندە باسی بازاڕی ئازاد مەکەن تا ووشەی ئازادمان لەبەرچاو نەکەوتووە .

-سەرکردەیەك ڕای گەیاند دروشمی پێکەوە بۆ خانییە قوڕەکان , کە لە ساڵی 1992 ەوە بەرزمان کردەوە سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا لەم هەڵبژاردنە , بەهۆی ئەو دروشمەوە بردمانەوە . من بۆ خۆم بەشداری کەرێکی چالاکی دەنگدان بووم و ژمارەیەکی باشیشم هاندا بۆ بەشداریکردن , تەنها لەبەر ڕیشەکەی سیستانی ئەم کارەم کردووە نەك دڵۆپەی خانییە قوڕەکان , چونکە هەستم بە فێڵی ڕیشی سیستانی و کاریگەرییەکانی دەنگدان کردبوو . ئەوەی بردییەوە دروشمی خانوە قوڕەکان نەبوو , بەڵکە یەکگرتوویی کورد بوو بەرامبەر مەترسی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی , سوپاسی ئەو لایەنە بکەن لیستی هاوبەشی خستە سەر زمانتان نەك خانووە قوڕەکانی خۆتان . ئێمە دەزانیین دروشمی پێکەو بۆ خانوە قوڕەکان تەواو ئاوەژووە, ڕاستییەکەی و پراتیکییەکەی کە 14 ساڵە بە چاوان دەیبینیین لە کوردستان بریتی بوو لە پێکەوە بۆ خانووە مەڕمەڕەکان , ئەگەر وا نییە پێم بڵێن کام بەرپرس پێش 1991 خانوی قوڕی نەبووە و ئێستا نەك تەنها مەڕ مەڕ , خوا نەبێت کەس نازانێت ئەو ئەهرامەی دروستییان کردووە و ناوی خانووە بەردەکەی لە کام وولاتەوە هاتووە؟؟ . هیوادارم بە دەنگی خۆمان بە قوڕمانا نە بەنە خوارێ بۆ ناو قوڕاوی سیاسەت !!.

-نوسەرێك لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گۆڤاری هەرێمدا ووتی :- من ئانارشیستم , ئەمە قوڵپی پێکەنینی دەوێت , ئانارشیستەکان بەوە ناسراون ئەبو زەڕی غەفاری بەو هەموو سادەیی و یەکسانی خوازییەی خۆیەوە تۆزی بەر پێیان ناشکێنێت , ئەوان کەم دەڵێن بەڵام ڕاستگۆن , تا ئێستا ئانارشیستێکی ڕاستگۆم لە کورددا نەبینیوە , گیرفانی ئەوان هەموو کات بەتاڵەو بۆ هەمووانە , کەچی ئەم نووسەرەمان 14 هەزار دۆلاری بە بان شۆڕش و بنەسەلاوەو دارەتووا بردەوە بۆ ئەوروپا , سەرباری ژیانی شیراتۆن کە ئانارشیستەکان هێڵنجییان پێی دێتەوە , کە خوا نەبێت کەس نازانێت ژمارەی ئەستێرەکانی چەندە !!! , بە ئەندازەی ئەستێرەی شەوی ساماڵی مانگی بەفرانبارە , ئێستاش لەبەردەم کاخلێ گەرمی سویدەوە دەڵێت من ئانارشیستم .

-پێشمەرگەیەك نامەیەکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا گازندە لە شانسی خۆی دەکات و دەنوسێت :– مانگانەکەم هەر 10 دینارەکەی سەردەمی شاخە کە دەکاتە 60000 دیناری برێمەری هەنوکە . کە حاسیبەکەم دەرکرد بەوردی لێکم دایەوە سەیرم کرد ئەو 15 دینارەی وەرمە گرت لە سەردەمی شاخ 3 دیناری زیاد بوو لە 60000 برێمەرییەکەی ئەو . ئەوەی من ئاگادار بووم بەهەموو پارتەکان 10000 پێشمەرگەیان نەبووە بە شەهیدەکانیشەوە , بەڵام ئێستا تەنها ئەوەندە فەرماندەییمان هەیە ئەوە لە مستەشارەکانیش گەڕێن , خوا پێم نەگرێت کەسی وا هەیە تەنها لەبەرخاتری جوانییەکەی دەڵێن عەتفی هەندێك مەسئولینی بۆ خۆی ڕاکێشاوە 8 دانە جار زەوی لە جەرگەی شار وەرگرتووە , خۆشی ئاوارەیە!!! , کەسی واش بووە بە مستەشار لە وزارەتی گواستنەوە لە ژیانی سوار کەریش نەبوە, ئەوە ناوێرم باسی وەزیرەکان بکەم , لە وزارەتی ڕۆشنبیری مستەشاری وامان هەس مەحو ئومی تەواو نەکردوە , کەچی قەول وایە ڕۆشنبیری کوردی لە ژێر دەست ئەودا نەشونما بکات و تەنگ بە بیرە تاریکەکان هەڵچنێت . کاکی پێشمەرگە خەنی لە خۆت 10 دینار خانە نشینی وەرەگریت, هێشتا کەس مەرحەبای منی نەکردووە بۆ ئەوەندەش بە هەزار حاڵ چەند ساڵ ژێ سێ و ئارپیچیم بە نقە نق هەڵگرت , هەزارانی وەکو منیش کەس جرتیشییان پێ ڕەوا نابینێت تەنها لەبەر ئەوەی پێشمەرگەی لایەنە دەسەڵاتدارەکان نەبوونە یان ئێستا لەیاخییەکانن , تا ماوی دوعای خێر بۆ ئەو ساتە بکە, کە شانس کردی دەرچویتە دەرەوە بە ڕێکەوت توشت بوو بە مەفرەزەیەکەوە ئێستا دەسەڵاتدارە , دەنا دەبوایە هەر لێ لێ و لۆ لۆت گاز کردایە .